# بەندی شەشەم

# ڕاستکردنەوەی بۆچونێکی هەڵە:

به داخەوە هەندێ خەڵك بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان و حزبایەتی کردن و کۆکردنەوەو ڕازی کردنی خەڵك لە خۆیان، وە بە بیانوی ئەوەی کە ئەمە هۆکارێکە لە هۆکارەکانی بڵاوکردنەوەو بانگەوازی کردن بۆ ئاینی ئیسلام، بانگەشە بۆ ئاهەنگ گێڕان بەم بۆنەیەوە دەکەن و شەرعیەتی پێ دەدەن.

بەڵام با بزانین ئایا وەك هۆکارێك (الوسیلة) حیساب دەکرێت ئەگەر یەکێك بپرسێت: ئایا ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بونی پێغەمبەر ﷺ هۆکارێکی بانگەوازی کردنە بۆ ئاینی ئیسلام؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا شێخ **محمد بن صالح العثیمین** ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: چۆن بیدعە دەبێت بە هۆکارێك بۆ بانگەوازی کردن بۆ لای خوای پەروەردگار؟! لە کاتێکدا پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (كل بدعة ضلالة)، وە گومرایی هەرگیز نابێت بە هۆکارێك بۆ بانگەوازی کردن بۆ لای ڕێنموی و چاکە.

کەواتە لەم وەڵامەوە بۆمان دەرکەوت کە مەنهەج و ڕێبازی بانگەوازی کردن بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام سنوردارو جێگیرن، نەك بەو شێوەیەی خەڵکانێك لێی تێگەیشتوون و بەهەر ئامرازو هۆکارێك بێت بە لایانەوە ئاساییەو گرنگ لای ئەوان کۆکردنەوەو زیادکردنی جەماوەرە.

وە هەر دەربارەی ئەم بابەتە پرسیار لە زانای بەڕێزو پایە بەرز شێخ **أحمد بن يحيى النجمي**[1] ڕەحمەتی خوای لێ بێت کرا کە ئایا مەنهەج و ڕێبازی بانگەوازی کردن بۆ لای خوای پەروەردگار جێگیرن یان ئیجتیهادیەو دەرگاکە کراوەیەو چۆن گونجا بەو شێوەیە دەکرێت بانگەوازی خەڵکی بکەیت؟

ئەویش لە وەڵامدا ووتی: بەڕاستی مەنهەج و ڕێبازی دەعوەو بانگەوازی دیاری کراون بە پێی قوڕان و سوننەت، وە بێ گومان دەبێت بەو شێوەیە بێت کە پێغەمبەر ﷺ پێیدا ڕۆیشتووەو ئەنجامی داوە، وە هەروەها وا پێویست دەکات کە پاك و پارێزراو بێت لە بیدعە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِىٓ أَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِى ﴾[2]، واتە: (خوای پەروەردگار بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: بڵێ بە خەڵکی کە ئەمە ڕێگای منە کە خەڵکی بۆ بانگ دەکەم، وە تەنها مەبەستمڕەزامەندی خودایە نەك ڕەزامەندی خەڵك و وە خەڵکیش بانگ ناکەم بۆ شوێن کەوتنی خۆم، بەڵکو بۆ ڕێگایەك بانگیان دەکەم کە دەگات بە خوای پەروەردگارو ماڵی

---

[1] زاناو فەرمودەناس و فەقیهو بانگەوازیکار بۆ بە تەنها خواپەرستی و سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ و هەڵگری فیقهی پێشینە چاکەکانمان ساڵی (١٣٤٦)ی کۆچی لە دایك بووە، لە زانا چاوتیژو بوێرەکان بووە لە بەرامبەر ئەهلی بیدعەو بیدعەچیەکاندا، لە ساڵی (١٤٢٩) کۆچی، کۆچی دوایی کردووە.

[2] یوسف: ١٠٨

سەرفرازی، وە خەڵکی بانگ دەکەم بۆ ئەوەی بگەن بە پەروەردگاریان، لەگەڵ ئەوەشدا من و ئەوانەش کە موسڵمان بوون و شوێنم کەوتوون، لەسەر چاو ڕۆشنی و زانست و دڵنیاییم دوور لە هەموو گومانێك)، وە کە دەفەرموێت: ﴿ أَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ ﴾ واتە: (لەسەر زانستێك کە بە شێوەو لەسەر ڕێگای پێغەمبەر ﷺو هەموو پێغەمبەران بێت سەلامی خوایان لێ بێت)[3].

وە لە وەڵامی هەمان پرسیاردا کە ئاڕاستەی شێخ صالح بن فوزان الفوزان کراوە ووتی: مەنهەج و ڕێبازی بانگەوازی کردن جێگیرە، وەك لە قورئان و سوننەت و سیرەو ژیانی پێغەمبەردا ﷺ ڕوون کراوەتەوە، هیچ شتێك لە لایەن خۆمانەوە داناهێنین و زیاد ناکەین، وە هەموو ئەو شێوازو ڕێبازانە لە قورئان وسوننەتی پێغەمبەر ﷺ هەنەو دەست دەکەون، وە ئەگەر ئێمە بۆخۆمان مەنهەج و ڕێبازێك بۆ دابهێنین، ئەوا خۆشمان بەزایە دەڕۆین و لە دەست دەچین، وە ئەو مەنهەج و ڕێبازەش کە لە قورئان و سوننەتدا بۆمان دیاری کراوە لە دەستی دەدەین و بە زایە دەڕوات. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو ردّ).

وە هەروەها شێخ صالح الفوزان بەردەوام دەبێت لە وەڵامەکەی و دەڵێت: بەڵێ، زۆر هۆکار هەیە ئەمڕۆ خزمەتی دەعوەو بانگەوازی ئیسلامی پێ دەکرێت، وە لە هەمان کاتدا پێشتریش نەبوون، وەك: دەنگ بەرزکەرەوە (مكبرات الصوت)و ڕدیۆو کتێب و هۆکارەکانی پەیوەندی کردنی خێراو بڵاوکردنەوەی پەخشی ئاسمانی؛ وە ئەوانە پێیان دەوترێت: هۆکار، بۆ دەعوەو بانگەوازی سوودیان لێ دەبینرێت، وە پێیان ناوترێت مەنهەج و ڕێباز، بەڵام مەنهەج و ڕێباز خوای گەورە لە قورئاندا ڕوونی کردۆتەوە کە دەفەرموێت: ﴿ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ ﴾[4]، واتە: (بانگەوازی خەڵکی بکە بۆ ڕێگای پەروەردگارت بە حیکمەت و دانایی ئامۆژگاری چاك و بەسوود، وە باشترین شێوە گفتوگۆو تووێژیان لەگەڵدا بکە)، وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ قُلۡ هَٰذِهِۦ سَبِيلِيٓ أَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِي ﴾، وە هەروەها لە سیرەو ژیانی پێغەمبەردا ﷺ لە مەککەو مەدینە مەنهەج و ڕێبازی دەعوەو بانگەوازی کردنی ڕوون کردۆتەوە، ﴿ لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ ﴾[5]، واتە: (بەڕاستی پێغەمبەری خوادا ﷺ باشترین پێشەنگ و پێشەوایە بۆ ئێوە کە شوێنی بکەون وڕێبازی ئەو بگرنە بەر).

وە شێخ جمال بن فُرَيحان الحارثي لە پەراوێزی ئەم پرسیارەدا دەڵێت: بەڕاستی خوای گەورە دینەکەی بۆ ئێمە تەواو کردووە؛ وە بۆ هیچ کەسێك نیە کە لە لای خۆیەوە ڕێگایەك دابهێنێت بۆ بانگەوازی کردن، وە ئەگەر وای کرد ئەوا بە زمانی خۆی دەڵێت: بەڕاستی پێغەمبەر ﷺ کەمتەرخەمی کردووە لە گەیاندنی پەیامی خوای گەورەدا، وە بۆ گەیشتنی بە ڕێگایەك کە سوودو کاریگەری زیاترە.

وە ئەو پێغەمبەری خوایە ﷺ کاتێك (معاذی کوڕی جبل)ی نارد بۆ یەمەن، پێی ووت: (إنك ستأتي قوماً أهل الكتاب؛ فإذا جئتهم فادعُهم إلى: أن يشهدوا أن لا إله إلاّ الله، وأن محمداً رسول الله، فإن أطاعوك لك بذلك

---

[3] بڕوانە کتێبی (الفتاوى الجلية عن المناهج الدعوية، من إجابات فضيلة الشيخ/ أحمد بن يحيى النجمي ص(٥٢-٥٦).

[4] النحل: ١٢٥

[5] الأحزاب: ٢١

**فأخبرهم)**[٦]، وە ئەو فەرموودەیە دەلیل و بەڵگەیەكی ڕوون و ئاشكرایە لەسەر ئەوەی كە مەنهەج و ڕێبازی بانگەوازی كردن بۆلای خوای گەورە جێگیرە، وە ئەگەرنا ئەوا **(معاذی كوڕی جبل)** لە پێشترو شارەزاترە لە هەزاران بانگەوازی كارانی ئەمرۆ[٧].

**كۆتایی:**

خوێنەری بەڕێز؛ لەگەڵ شی كردنەوەو وەڵام دانەوەی هەموو ئەو شوبهانەی كە دەهێنرانەوە بۆ شەرعیەت دان بە مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان، دەكرێت بە كورتی بڵێین:

(بەڕاستی ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوە بۆ یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ بە هەموو جۆرو شێوازە جیاجیاكانیەوە بیدعەنەو پێویستە لەسەر موسڵمانان واز لەوو لەهەر بیدعەیەكی تر كە بهێنن، وە خۆیان خەریك بكەن بە زیندوو كردنەوەی سوننەتەكانی پێغەمبەر ﷺو دەست پێوە گرتنیان، وە هەڵنەخەڵەتێن و گرفتار نەبن بەوانەی كە ڕەواج بەو بیدعەیە دەدەن و بەرگری لێ دەكەن، چونكە بەڕاستی و بەداخەوە ئەوانە ئەوەندەی بایەخ بە زیندووكردنەوەی بیدعەكان دەدەن، ئەوەندە گرنگی و بایەخ نادەن بە زیندووكردنەوەی سوننەتەكانی پێغەمبەر ﷺ، بگرە زۆر جاریش وایە كە هەر لە بنچینەدا بایەخ بە سوننەت نادەن، جا یەكێك ئەمە حاڵی بێت بە هیچ شێوەیەك درووست نیە لاسایی بكەنەوەو شوێنی بكەون، ئەگەر لە كاتێكدا ئەوانەی ئەو كارەش دەكەن زۆرینەی هەرە زۆری خەڵكی بن، بەڵكو پێویستە شوێن ڕێ و شوێنی ئەوانە بكەوین كە بەڕاستی لەسەر ڕێبازو سوننەتی پێشینە چاكەكان و شوێن كەوتوانیان ڕۆیشتوون ئەگەر كەمیش بن، چونكە حەق و ڕاستی بە مرۆڤەكانەوە ناناسرێتەوە، بەڵكو مرۆڤەكان بە شوێن كەوتنی حەق و ڕاستی دەناسرێنەوە.)

وە دوای ئەوەی كە هیچ شتێكتان بە دەستەوە نەما بۆ بەرگری كردن و حەڵاڵ كردنی بیدعەكەتان، (پێویستە لەسەر ئێوەو هەموو ئەوانەی كە ئەمە بە كارێكی باش دەزانن تەوبە بكەن و بگەڕێنەوە لای خوای پەروەردگار، وە هەر ئەوەش پایەی مرۆڤی بڕوادارە كە حەقی بۆ ڕوون بۆوە بێتەوە سەری و شوێنی بكەوێت، وە هەركەسێكیش سەر كەشی بكات و واز نەهێنێت لەدوای ئەوەی كە بۆی ڕوون كرایەوە، ئەوە بەڕاستی لێپرسینەوەو حیسابی لای خوای پەروەردگارە.)[٨]

وە هەروەها بۆمان دەركەوت كە هیچ بنەمایەكی شەرعی نیەو **(ما أنزل الله بها من سلطان)**، بەڵكو تەنها چاولێكەری و لاسایی كردنەوەی گاورو جولەكەكان وكەم شارەزاییە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، وە پێویستە موسڵمانان ئاگادار بن لە هەموو كارێكی داهێنراوو دوركەتنەوە لێیان و ئەنجام نەدانیان، چونكە نەك هەر پاداشتیان لەسەر دەست ناكەوێ، بەڵكو گوناهباریش دەبن و لەسەری قەرزار دەبنەوە، لەبەر ئەوەی كەسی بیدعەچی **(مبتدع)** تۆبەی لێ قبوڵ ناكرێت تا واز لە بیدعەكەی نەهێنێت؛ وەك بە مەرفوعی لە ئەنەسەوە هاتووە كە دەفەرموێت: **(ان الله احتجز التوبة عن صاحب كل بدعة)**[٩] وە بەزەحمەتیش واز لەو بیدعەیە دەهێنێ، چونكە بە گومانی خۆی عیبادەتێك ئەنجام دەدات بۆ نزیك بوونەوە لە خوای پەروەردگار.

---

6 أخرجه البخاري (١٣٣١،١٤٢٥).

7 **بڕوانە** (الأجوبة المفيدة عن أسئلة المناهج الجديدة)، من إجابات معالي الشيخ الدكتور/ صالح بن فوزان بن عبدالله الفوزان، ص(٤٤-٤٦).

8 **بڕوانە:** حقوق النبي ﷺ الإجلال والإخلال، ص(١٤٨-١٤٩).

9 الصحيحة ج٤/ص١٥٤.